# ئایا ئەو کەسەی کە شتێک وەک خواستن وەردەگرێت دەبێتە (ضامن) ی ؟

[ كردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# هل يد المستعير يد ضمانة ؟

« باللغة الكردية »


فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

## ئایا ئەو کەسەی کە شتێک وەک خواستن وەردەگرێت دەبێتە (ضامن) ی ؟

پرسیار: من سەیارەیەکم هەبوو، یەکێك لە خزمەکانم داوای لێکردم کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بیدەم بەلایەوە چونکە کاری پێی هەبوو، بەڵام پاش چەند ڕۆژێك سەیارەکەی لێ دزرا، ئایا من دەتوانم داوای ئەوەی لێ بکەم کە نرخی سەیارەکەم بداتەوە؟ چونکە بەڕاستی من توانای ئەوەم نییە سەیارەیەکی تر بکڕمەوە، خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

وەڵام: سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە سەیارەکەی لێی وەرگرتوویت، کەمتەرخەم بوو لەپاراستنی سەیارەکەی جەنابت، بۆ نموونە ئەگەر گراجیان هەبوو لەماڵەوەدا، بەڵام شەوانە نەیدەبردە ناو گەراجەکەوە، یان دەرگاکانی دانەدەخست، یان سویچی

سەیارەکەی ئەدا بە یەکێك لەمناڵەکانی کە شایانی ئەوە نەبوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا مادام کەمتەرخەمی کردووە، بەپێی شەریعەتی ئیسلام و ڕای زانایان دەبێت ئەو کەسە نرخی سەیارەکەت بۆ ببژێرێت، یان سەیارەیەکی وەك ئەوەی خۆتت بۆ بکرێتەوە، چونکە وەك پێویست بایەخی نەداوە بە پاراستنی ئەو شتەی کە خواستویەتی، وکەمتەرخەمی کردووە، بەڵام ئەگەر هاتوو دەرکەوت هیچ کەمتەرخەمیەکی نەکردبوو لەپاراستن وگرنگی دان پێی، ئەوا لەسەر ئەو خزمەت واجب نییە نرخی سەیارەکەت بۆ ببژێرێت، یان بۆت بکرێتەوە، چونکە دەستی ئەو کەسەی کە شتێك یان کاڵایەك یان کەلوپەلێك وەك خواستن (عارية) وەردەگرێت دەستێکی (ضامن) نییە، ئەگەر کەمتەرخەم نەبوو بوو لەپاراستنی .

خوای گەورەش زاناترە .